www.kurdistannet.org
8-5-2003 2:29

# اكراد. . . اكراد. . . اكراد

**ئیبراهیم مەلا زادە**
Malazada86@hotmail. com

لەم دواییانەدا بە شێوەیەکی بەردەوام لە کەناڵە تەلەڤیزیونیەکاندا گوێمان لە وشەی اکرادالعراق، الاخوة الاكراد، دەبێت. لەهەمووش ناخۆشتر ئەوەیە کە بەرپرسو رۆشنبیرە کوردەکانیش هەمان وشە دووبارە دەکەنەوە.

ئەو وشەیە ( اكراد) بە حیسابی برا اعرابەکان کۆی وشەی ( الكورد) ە واتە کورد دەبێتە اكراد.

خۆ ئەگەر بەم پێوانە بێت دەبێت ( عرب) ببێتە ( اعراب) ( فرس) ببێتە ( افراس) هەروەکو (تورک) یش دەبێتە ( اتراک) .

عەرەبەکان بۆ خۆیان وشەی اعراب بەکار ناهێنن چونکە بە بۆچوونی ئەوان بۆتە دەستەواژەیەک تەنها بۆ عەرەبەکانی بادیە بەکار دێ، واتە تەنها عەرەبەکانی بادیە اعرابن، بەڵام عەرەبەکانی شار عەرەبن، ناشبێ پێیان بوترێ اعراب.

مختار الصحاح دەڵێ: العرب جيل من الناس والنسبه اليهم عربى وهم اهل الامصار والاعراب منهم سكان البادية خاصة والنسبة اليهم اعرابى، وليس الاعراب جمعا لعرب بل هو اسم جنس الخ. (١)

باشە ئەگەر عرب ( اسم جنس) بێ خۆ کوردیش هەر ( اسم جنس) ە، ئەی بۆ (اسم جنس) ی ئەوان ناکرێ بە اعراب، بەڵام هی ئێمە دەکرێ بە اكراد، خۆ هی ئێمە جینسی رەژوو نیە

وەکو شاعیری عەرەب دەڵێ: يا اخى لا تمل بوجهك عنى

ما انا فحمة ولا انت فرقد

بەم شێوەیە هەر زمانیان بجوڵێنن سەراپای گەلی کورد دەکەنە الاخوة الاكراد، ئێمە کوردمان نیە کە خەڵکی شارستان بێ، بەڵکو هەمویان اكرادن، واتە ئەو کوردانەی خەڵکی بادیەن، یا خەڵکی شاخن چونکە لە کوردوستان بادیە نیە. ئەمەش بیرۆکەی تورکەکان دەسەلمێنێ کە کورد تورکی چیان. ئەگەرچی ئەو وشەیە اتراکیش دەگرێتەوە کە ئەوانیش هەر شارستانی نین چونکە زانای عەرەب هەن دەڵێن ناوی تورک لە ( اتركوهم) هاتووە، کە ئەثەرێکە لە کتێبە مێژووییەکانی عەرەبی باسی لێوە دەکرێ، لە زۆر جێکا دەیکەن بە فەرموودە.

بۆیە زۆر بە گرنگی دەزانم کە هەوڵ بدرێ ئەم وشەیە راست بکرێتەوە، چونکە خەڵکێکی رۆشنبیر هەن بە سەعات دەئاخڤن بێ ئەوەی وشەی اکراد بەکار بێنن، ئەمەش زۆر ئاسانە، بۆ نموونە:

العرب، الاخوة العرب، الشعب العربى، ان العرب كما كانوا ولا يزالون. . . . هتد،

دەشکرێ بگوترێ:

الكورد، الاخوة الكورد، الشعب الكوردى، نەک ( الاخوة الاكراد) شعب الاكراد) ان الكورد كما كانوا ولا يزالون. . . نەک ( ان الاكراد كما كانوا ولا يزالون) . . . هتد.

بە پێی هەمان کێشو قافیەی عەرەبی. بێ ئەوە ی هیچ لە زمانەوانی عەرەبی ئاڵۆز ببێو رێزمانەکەی تێک بچێ.

پێشنیاریش دەکەم ئەگەر هەر عەرەبێک لەسەر هەر مینبەرێک لە مینبەرەکان وازی لەو وشەیە نەهێنا کوردەکانیش وشەی اعراب بەکاربێنن بۆ هەڵدانی عەرەبەکان کە چیتر وشەی اکراد بەکار نەهێنن.

هەڵبەت عەرەبەکان بە لادانی وشەی اعراب لەسەر خۆیان، تۆمەتێکی قورئانی گەورەیان لەسەر خۆ وەلابردووە، ئەویش ئایەتی ( الاعراب اشد کفرا ونفاقا) واتە عەرەبەکان زۆر بە توندی بێباوەڕو دووڕووین، بۆیە وەکو لەسەرەوە گوتم بە بۆچوونی خۆیان مەبەست لەو اعرابە تەنها ئەو عەرەبانەن کە لە بادیەکان دەژیانو گیروگرفتیان بۆ خەڵکی شار دروست دەکردو زۆر دواکەوتوو بوون. بۆیە کۆی وشەی عەرەبیان هەر بە عەرەب هێشتۆتەوە.

لێرەشدا ئەوە دیار دەبێ کە ئێمە اکراد نین بەڵکو ( نحن الکورد) کوردین، کوردین.

تەنانەت مەسەلەی نوسینیش بەعەرەبی پێویستە بنوسن الشعب الکوردی، نەک ( الشعب الکردی) . چونکە واوەکە واوی ئەسلیە.

دوا تێبینیم بۆ برا زماننناسەکان ئەوەیە لەوانەیە ئەوان باشتر بتوانن لە مەسەلەیەکی ئاوا بکۆڵنەوەو بەڵگەی باشترو جوانتریش بهێننەوە، چونکە من زماننناس نیم، بۆیە ئەگەر بابەتەکەم بە تەواویش نەپێکابێ ئەوا بە ئومێدم ئەوان بۆمان ڕاست بکەنەوە، لەسەری بنوسن.

(١) مختار الصحاح: بڕۆ بۆ:

www. alburaq. net/mukhtar/root. cfm

العَرَبُ جيل من الناس والنسبة إليهم عَرَبِيٌّ وهم أهل الأمصار و الأَعْرَابُ منهم سكان البادية خاصة والنسبة إليهم أعْرَابِيٌّ وليس الأَعْرَابُ جمعا لعرب بل هو اسم جنس و العَرَبُ العاربة الخُلَّص منهم أكد من لفظه كليل لائل وربما قالوا العَرَبُ العَرْباءُ و تَعَرَّبَ تشبه بالعرب و العَرَبُ المُسْتَعْرِبَةُ بكسر الراء الذين ليسوا بخلص وكذا المُتَعَرِّبَةُ بكسر الراء وتشديدها و العَرَبِيَّةُ هي هذه اللغة و العَرَبُ و العُرْبُ واحد كالعَجَم والعُجْمُ والإبل العِرابُ بالكسر خلاف البَخَاتِيُّ من البخت والخيل العِرَابُ خلاف البراذين و أَعْرَبَ بحجته أفصح بها ولم يتق أحدا وفي الحديث {الثيب تُعرِب عن نفسها} أي تفصح و عَرَّبَ عليه فعله تَعْرِيبا قَبَّح وفي الحديث {عَرِّبوا عليه} أي ردوا عليه بالإنكار و العَرُوبُ من النساء بوزن العروس المتحببة إلى زوجها والجمع عُرُبٌ بضمتين

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.